# تابلۆی سوێند

گۆران عەلی

**اقسم بالله العظيم ان أودي مهامي و مسؤلياتي بتفان و اخلاص و ان احافظ على استقلال العراق و سيادته و ارعى مصالح شعبه و اسهر على سلامة ارضه و مياهه و سمائه و ثرواته و ان احافظ على نظامه الديمقراطي الأتحادي و اطبق التشريعات كافة بأمانة و حياد ، و الله على ما أقوله شهيد**

سەرەنجام دوای چەند مانگ لە چاوەڕوانی (د.ابراهيم الجعفری) کابینە حکومییەکەی خۆی ڕاگەیاندو بە دەم تەکبیرەوە سەڵەوات وسەلام (کە هەر لە کۆبوونەوەی ئاخوندەکانی ئێران دەچوو! ) ناوی وەزیرەکانی کابینەکە ڕاگەیاندراو دوای ووتنەوەی تابلۆی نووسراوی سوێند خواردنەکە لە لایەن وەزیرەکانەوەو لێدوانی هەریەک لە سەرەک کۆمارو سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی وەزیران ،کۆتایی بە ئاهەنگی ڕاگەیاندنی حکومەتی نوێی عێراق هێنراو، بەمەش کاڵای حکومەتی یەکگرتوو نوێی عێراق کرایە بالآی ئومێدو ئارەزووە زۆرو جیاوەزەکانی کۆمەڵگای کوردستان و عێراق و ،ڕاگەیاندنی ئەم حکومەتەیان کرد بە کلیلی وەڵام بۆ دەمی چەندین پرسیاری چاوەڕوان و تینوو بۆ وەڵام !!

ئەوەی لەم تابلۆی سوێند خواردنەدا سەرنجی منی ڕاکێشاو بە پێویستم زانی قسەیەکی لە سەر بکەم ووشەو ڕستەکانی ناو تابلۆکەو مانا شاردراوو جیاوەزەکانی پشتی بوو کە من لە سەرەوە هێلّم هێناوە

بە ژێریاندا : و ارعى مصالح شعبه و اسهر على سلامة ارضه و......... زۆرکەس لە یادیەتی کە صدام لە چەندین سیناریۆی هاوشێوەی ئەمەدا کە دواترینیان ساڵێک بەر لە هەرەسهێنانی بوو هەمان سوێندی خوارد کە بەرژەوەندی گەلانی عێراق ڕەچاو بکات و سەروەت و ئاوو زەوی و ئاسمانی عێراق بپارێزێت ، بەڵام لە 35 ساڵی حوکم ڕانیدا بەرژەوەندی گەلانی عیراقی کردە ئاشی شەڕداو

ژێرەوەی زەوی کردە گۆڕی بە کۆمەڵ و سەرەوەی کرد بە زیندانێکی گەورە بۆ خەڵکی عیراق و ئاوی کردە تێزاب بە سەریاناو ئاسمانی کردە دووکەڵ و گازی خەردەل !!

چەندین مانای جیاوازو ناکۆک بە یەک لە پشتی سوێندی پاراستن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گەلانی عێراقدا خۆی حەشارداوەو پێویستیان بە دەرخستن هەیە ، لە ژێر ئەم میتۆدەدا شەڕی ئێران و کوەیت کرا ، زیاتر لە نیو ملیۆن لە خەڵکی عێراق لە پرۆسەکانی ئەنفال و هۆرەکانی خوارووی عێراقدا بە زیندوویی کران بە ژێر زەوییەوە ، 35 ساڵ پەت کرا بە هەر ملێکەوە هاتە قسەو کلیل درا لە هەر دەمێک ویستی بێتە قسە ! هەر ئێستاش لە ژێر ئەم میتۆدەدا لە گەڵ تیرۆریستان و قەسابە قەمە بە دەست و مرۆڤ سەربڕەکاندا دائەنیشن ، گفتو گۆ دەکەن و بانگەوازیان دەکەن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و کورسی حوکم ، لە ژێر ئەم چەمکەدا ئەوە بەعسیانە دەکەنەوە بە مەیداندارو خاوەن بڕیارو دەسەڵات کە ئەبوایە لە زینداندا باقی تەمەنیان بەسەر ببردایەو هەفتەی جارێک ڕێگە بە خەڵکی عێراق بدرایە ، وەک کەلەپووری مێژوویەکی ڕەش سەردانی ئەو مۆزەخانەیان بکردایە کە ئەوانەی تیا زیندانین!

کامەیە بەرژەوەندی خەڵکی عێراق ؟! بەرژەوەندی کام بەش لە خەڵکی عێراق ؟! گومانی تیانییە کە خەڵکی عێراق بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە ، خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاربوون لە ستەمی میللی و پلە دوویی و ئەنفال و کیمیاباران و .......بەرژەوەندیان لە جیابوونەوەدایەو بۆ ئەمەش دەنگیان دا

بەڵام ئێوە بە تەقەڵی فیدرالیزم لکاندتانەوە بە عێراقی عەرەبی /ئیسلامییەوە ، ئایا ئێوە مەبەستتان پاراستنی کام بەرژەوەندییە لەم ڕاستایەدا ؟! پاراستنی بەرژەوەندی جیابوونەوە یان بەرژەوەندی یەکپارچەیی و لکاندنەوەی خاکی عێراق ؟! خەڵکی عێراق بە هۆی نەسیجە کۆمەڵایەتیەکەی کە خۆتان هەمیشە لە سەری دەدوێن(فرە ڕەگەز و ئایین و نەتەوەو کولتور) بەرژەوەندی لەوەدایە کە دین کاری تایبەتی مرۆڤەکان بێت و هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی نەبێت لە کارو باری دەوڵەت و بەڕێوەبردن و داڕشتنی دەستوردا ، بەڵام ئێوە ئیسلام دەکەن بە ئایینی ڕەسمی عێراق و سەرچاوەی سەرەکی داڕشتنی دەستور !! ئێوە مەبەستتان پاراستنی بەرژەوەندی جیایی دین لە دەوڵەتە یان پاراستنی بەرژەوەندی ڕۆڵی زیاتری دینە لە دەوڵەت و دەستوردا ؟!

• احافظ على نظامه الديمقراطي ألاتحادي : ئەم برگە لە سوێند خواردنەکە تێڕامان و لێکۆڵینەوە زۆر هەڵدەگرێت ، بە بڕوای من ئەم برگە لە تابلۆکەی سوێندا نەنوسرابوو یان نووسرابوو بەڵام وەزیرە تازەکان ئامادە نەبوون سوێند بۆ پاراستنی سیستەمێکی دیموکراسی/فیدرالی بخۆن !! بەو پێیەی کە ئەوانەی لە سەرەتاوە سوێندیان خوارد ، ئەم سوێندەیان نەخوارد !! ئەم برگە (د.بەرهەم صالح) لە نۆرەکەی خۆیدا خستیە سەری و دوای ئەویش وەزیرێکی تر دووبارەی کردەوە !! وەزیرەکانی تر (بە کوردەکانیشەوە) ئەم برگەیان نەووت !! هەردوو حاڵەتەکە جێگەی تێڕامانە ، چ ئەوەی برگەکە نووسرابێت و نەووترابێت ، یان نەنووسرابێت و ووترابێت !! ئەمە ئەگەر ئاماژە بە هیچ نەکات ، ئاماژە بەوە دەکات کە نەک هیچ گرێبەست و نووسراوێکی فەرمی نییە لە نێوان ناسیونالیزمی کورد لە لایەک و شیعە و ناسیونالیزمی عەرەب لە لایەکی ترەوە لە سەر ئاییندەی سیاسی عێراق و چارەنووسی سیاسی خەڵکی کوردستان لەو ئاییندەدا ، بەڵکو تەنانەت سەرزارەکیش لە سەر هیچ ڕێکنەکەوتوون !! هێشتا لە سەر سوێند خواردنەکەش ناکۆکن!! فیدرالیزمێک کە خۆی بۆ لەحیم کردنەوەی عێراقی چەند پارچە هێنرایە ئاراوە کە پێشتر ڕووداوە سیاسیە جیهانی و ناوچەییەکان (کە لێرەدا جێگەی باسیان نییە) پارچە پارچەیان کردبوو ، فیدرالیزمێک کە خۆی بەرهەمی هەوڵی ناسیونالیزمی کوردو عەرەب و دەسەڵاتدارێتی ئەمریکایە بۆ دروومان کردنەوەی پارچەکانی عێراق بە یەکەوە ! کەچی هێشتا مایەی نیگەرانی وەزیرە نوێکانی حکومەتە نوێکەی عێراقەو ئامادە نین سوێندی بۆ بخۆن کە پابەندبن بە جێبەجێکردنیەوە!!

فیدرالیزم (کە ئێوە سوێندی بۆ ناخۆن!) و سوێند بۆ پاراستن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵکی عێراق دەخۆن ، نەک هەر ناکۆکە بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و عێراق و کێشەی ستەمی میللی کورد چارەسەر ناکات بەڵکو دەمە زەردی دەکاتەوەو بۆ ماوەیەکی نادیاری تریش ئەم ستەمە بە سەر پردی فیدرالیەتدا بۆ خەڵکی کوردستان دەگوێزێتەوە !

من پێم وایە هاوبەشی و پێکەوە ژیان یەکێکە لە بنەما سەرەکی و ئینسانییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، بەڵام ئەگەر پێکەوە ژیان بوو بە مەترسی و هێرش بۆ سەر یەکێک لە پارچەکانی (یەکپارچەیی) ئەوا جیابوونەوەی پارچەکان سوودی زیاترە لە لەحیمی فیدرالیەت ! سویدو نەرویج کە لە ساڵی 1905 دا کە ئاشتیانە لە یەک جیابوونەوە تەنها بۆ ئەوە بوو کە شمشێری (یەکپارچەیی) شەلالی خوێنی نەکات و ئینسانەکانی پارچە پارچە نەکات ، بەڵام ئێوە لە ژێر میتۆدی (پاراستنی یەکپارچەیی و بەرژوەندی خاک و خەڵکی عێراق!)دا سادەترین مەبدەئو ئارەزووی خەڵکی کوردستان پارچە پارچە دەکەن (کە ئەویش مەبدەئی بە ڕەسمی ناسینی بیرو باوەڕی خەڵکە لە هەڵبژاردنی ژیان و چارەنووسی خۆیدا ، کە ئەمڕۆ بۆ ڕزگار بووون لە ستەمی میللی خوازیاری جیابوونەوەن !) .

با لەم وانگـەڕوە بڕوانینە بەرژەوەندییەکان و سوێندەکان و مەرامەکانی پشتیان ، با لە ڕوانگەی ئەو ژنانەی دەیانەوێ لانی کەمی مافەکانیان مسۆگەر بێت بڕوانینە بەرژەوەندییەکان نەک ئەو ژنانەی لە پەرلەمانی عێراقیدا دەبنە پارێزگارو قسەکەری ئەو دەستورو یاسایانەی کە هەموو ڕۆژێک بێمافی و پلەدوویی خۆی بەرهەم دێنێتەوە! با لە ڕوانگەی ئەو ڕووناکبیرو نوسەرو ئازادیخوازانەوە بڕوانینە ئازادی مرۆڤ و ڕادەربڕین و بیرو ئەندێشەوە کە هیچ سنورێکی بۆ ناناسن و مرۆڤ لە سەرووی هەموو دەق و دەستورێکەوە دەبینن ، نەک ئەو نوسەرو پێنوسانەی کە تەرخانن بۆ پیا هەڵدان و سپیکردنەوەی ڕەشییەکانی دەسەڵات !!

د.جەعفەری لە کۆتایی قسەکانیدا بەڵێنیداو سوێندی خوارد کە نووسەران و هونەرمەندان و ژنان و قوتابیان و ......هتد بە ماف و داخوازییەکانی خۆیان شاد دەبن ، منیش لە پەیوەند بەم بەڵێن و سوێندە یاساییەی ( د.جەعفەری) وە سوێندێکی نایاسایی دەخۆم و دەڵێم : سوێند بە تاقیکردنەوەو خەباتی دووروو درێژی خەڵکی دونیا بۆ سەپاندنی مافەکانی ، سوێند بە مێژووی (40_50) کانی سەدەی ڕابردوو کە ئەو ماف و ئازادییانەی لە دونیادا بە دەست هات تەنهاو تەنها لە ڕێگەی خەبات و نارەزایەتی کرێکاران و خەڵکی دونیاوە بە دەست هاتووە ، سوێند بەمانە کە ژنانی ستەمدیدە ، خەڵکی تینوو بۆ ئازادی و ڕزگار بوون لە ستەمی میللی ، لاوانی دڵ پڕ لە ئەشق و هیوا ، کرێکارانی بێکارو برسی ، قوتابیانی خوازیاری سیستەمێکی مۆدێرنی خوێندن و پەروەردە و .........................هتد تەنها لە ڕێگەی

خەبات و نارەزايەتی یەکگرتووانەو بەردەوامی خۆیانەوە بە ئومێدو ئارەزووەکانی خۆیان شاد دەبن نەک لە ڕێگەی تابلۆکانی سوێند خواردنەوە .

5/5/2005

goranmad@hotmail.com